# سەرەمەقەست —١٤

ZAGROS WEBSITE

## ٢٥٠ هەزار ئەمەریکی لە بەندیخانەکاندا دەبنە موسڵمان

کۆڵبرت کینگ لە رۆژنامەی ئەمەریکیی واشنتۆن پۆست باسی ئەو ئەمەریکییانەی کردووە کە لەناو بەندیخانەکانی ئەمەریکادا دەبنە موسڵمان. هەرچەندە ئاماری تەواو نییە بۆ ژمارەی ئەو کەسانە بەڵام یەك لەو ئامارانە ژمارەکە بە ٢٥٠هەزار کەس دەخەمەڵێنێ. ئەو گۆڕانە بۆتە هۆی ئەوەی بەڕێوەبەری ئێف بی ئای مەترسیی خۆی دەربڕێ لەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدە ئەمەریکییە موسڵمانبووە "رادیکالەکان" بەکاربهێنێ. ئەلعەرەبییە نێت ٢٠٠٥/٨/٢٣.

## یاریدەدەری کۆڵن پاول: چەکەکۆکوژییەکانی عیراق رەشترین خاڵی ژیانمە



موقەددەم لۆرانس ویلکرسۆن کە راوێژکاری وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا کۆڵن پاولَ لە بەرنامەیەکی سی ئێن ئێنی ئەمەریکی رایگەیاند: خۆزگە بە مەسەلەی چەکە کۆکوژەکانی عیراق تووش نەبوومایەو کاتێك ئاوڕ بۆ دواوە دەدەمەوە وەکو رەشترین خاڵی ژیانم دەیبینم. ناوبراو وتی کە پاولْ هاتە ژوورەوەو چەند کاغەزێکی پێبوو و پێی وتین: ئەمانەم لە کۆشکی سپی دەستکەوتن تەماشایەکی بکەن.. بەڵام ئەو کاغەزانە هەمو شتێك بوون زانیاریی موخابەراتی نەبوون بەڵکو وەکو لیستی خواردنی چینی بوون کە دەتوانی بە ئارەزووی خۆت لێی هەڵبژێری. شایەنی باسە پاولْ لەسەر ئەساسی ئەو کاغەزانە وتەکەی لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا پێشکەش کرد و چەند وێنەیەکی خستە ڕوو کە گوایە هی کارگەی چەکی کۆکوژی عیراقین. سی ئێن ئێن عەرەبی ٢٠٠٥/٠٨/٢٣. *وێنەکە: کۆڵن پاولْ*

*تێبینی: سەبارەت بە کوردستان پاولْ وێنەیەکی پیشان دا کە گوایە کارگەی چەکی کیمیاییە لە خورماڵ و هی ئەنسارولئیسلامە. یەکەم رەخنەش لەوە گیرا ئەوەیە ئەو شوێنی لە گوندی سەرگەتە نەك خورماڵ، دوای چەند رۆژێکیش نزیکەی ١٥ رۆژنامەنووسی بیانی کە ژمارەیەکیان ئەمەریکی بوون چوونە ئەو شوێنەو هیچ بەڵگەیەکیان نەبینی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمەریکا سوور بوو لەسەر شەڕەکە سووریش بوو لەسەر درۆکانی سەبارەت بە چەکەکانی عیراق.*

## کاسترۆ و شافێز: ئیمپریالیەتی ئەمەریکی گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر جیهان:



رۆژی ٢٠٠٥/٨/٢١ سەرۆکی کوبا کاسترۆ و سەرۆکی فەنزوێلا هۆگۆ شافێز لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی هاوبەشدا هێرشیان کردە سەر ئەمەریکاو بەوە تۆمەتباریان کرد کە دەیەوێ جیهان وێران بکات و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ جیهات و تۆمەتەکانی ئەمەریکایان رەتکردوەتەوە کە گوایە ئەو دوو وڵاتە سەقامگیریی ئەمەریکای لاتینی تێکدەدەن. شافێز وتی: سەرمایەداری سەرپەرشتیاریی تەندروستی و پەروەردە بە کەرتی تایبەت دەدات ئێمەش سۆشیالیزمی سەدەی بیستویەك بنیات دەنێین.

*سەرچاوە: سایتی ئیلاف.*

## بوش: کشانەوەی ئیسرائیل لە غەززە هەنگاوێکە لە یەك کاتدا ئازا پڕئازارە



تەعلیق: سەیرە! تۆ بڵێی رۆژێك بوش بە ناچاری لە عیراق بکشێتەوەو ئینجا بەوە بڵێی هەنگاوێکە لە یەك کاتدا ئازاو پڕئازارە؟

*وێنەکە: جوولەکەیەکی توندڕەو ئالای ئیسرائیل دەدڕێنێ و پاشان تفی لێدەکات*

## بارزانی و تاڵەبانی بەسەر ئیسلامدا سەردەکەون!

پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر دوو سەرکردە کوردەکە توانیان رێگە بگرن لەبەردەم ناسنامەی ئیسلامیی عیراق و نەهێڵن ناوی ئیسلامی بەو وڵاتە بلکێنرێ، شایەنی باسە سەرۆکی ئیماندار مەسعود بارزانی زۆر داکۆکی لەسەر رێگەی نەدان بە ناسنامەی ئیسلامی دەکردو لەم باریەوە موزایەدەی بەسەر تاڵەبانیی کۆنە مارکسی کردووە، پیرۆزبایی لە دوو سەرکردەکەو هیوادارین هەموو نوێژکەرە گێژەکانی ئەو دوو حزبە لەسەر گێژێتی خۆیان بمێننەوە.

## وێنەکانی بارزانی بۆ لابران؟

بەپێی رۆژنامەی هاوڵاتی فەرماندرا وێنەکانی مەسعوود بارزانی بە بروسکەیەکی نهێنی لە مانگی حەوتدا لابرێن، لە ژمارەی ٢٣٦ی هەمان رۆژنامەش رۆژی ٣ی ٨ دەستکرا بە کۆکردنەوەیان. شایەنی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەو دەنگوباسە هەبووە کە لە وێنەکەی بارزانیدا شێخ زانا لەپشتەوە دەرکەوتووە، هەندێکش دەڵێن ئەوەی بارزانی دەپشکنێ مولازم دلێری باندەکەی شێخ زانایە. لەهەموو حاڵەتێکیشدا هەمووی ماوەیەکی کەمەو دیسان وێنەکانی بارزانی هەڵدەواسرێن، ئەمجارە لەژێریان نووسراوە: سەرۆکی هەرێمی کوردستان!

## رۆژنامەی سەرۆکی ئیماندار



*(دیدار)*

رۆژنامەی خەبات ماوەیەکە وێنەی رووت بڵاودەکاتەوە بەڵام ئێستە ئیبداع دەکات و بووەتە یەکەمین رۆژنامەی سیاسی لە یەکەم لاپەڕەدا هەواڵی هونەری و وێنەی ئافرەتی روت بڵاوبکاتەوە. لەولاشەوە سەرۆکی ئیماندار کاك مەسعود بەرزانی وانەی دین و کوردایەتیمان پێدەڵێتەوە.تکایە وێنەیەك بۆ بەرێز مەلا عومەری سەلەفی بۆ فەتوایەك لەم بارەوە.

## چوار خوێندکاری زانکۆ لە کاتی ئەنجامدانی نوێژێکی جەماعەت دا دەستگیر دەکرێن

هەورامانی rawyar85@yahoo.com

ئێوارەی رۆژی (شەممە) بەروا ری (٠٥/٧/١٦) لەکاتی ئەنجامدانی نوێژی بە کۆمەڵ (جەماعەت) لە هاوینە هەواری زەڵم چوار خوێندکاری زانکۆ لە بەشەکانی (پزیشکی گشتی ،ئینگلیزی،مێژوو.کوردی) لەلایە ن پاسەوانە تایبەتییەکانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە دەڤەری هەورامان ـ شارەزوور دەستگیر دەکرێن بە گومانی ئەوەی کە گوایەسەرگەرمی تەلەفۆن کردن بوون، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لەو خوێندکارانە ئەندامی سەندیکای رۆژنامە نوسانی کوردستانە..شایانی باسە پاش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لەگەڵیاندا لە لایەن ئاسایشی خورماڵ و بە فەرمانی نوێنەری حکومەت ئازاد دەکرێن..جێگەی ئاماژە بۆکردنە کە ئەو خوێندکارانە هەموویان خەڵکی ئەوناوچەیەن وتەنها لەبەر ئەوەی رێشیان هەیە وسەرگەرمی نوێژکردنی بە کۆمەڵ بوون دەستگیر کراون.

ZAGROS WEBSITE

## شێخ زانا ئیسلامی بوو یان پاراستن؟

بەپێی زانیارییەکان شێخ زانا لە نەوەدەکاندا ئەندامی کۆمەڵەی جیهاد بوو کە مەلا ئەمین سەرکردایەتیی دەکرد بەڵام لەبەر ئەوەی پەیوەندیی بە پاراستنەوە هەبوو لەو کۆمەڵەیە دەرکرا. شێخ زانا هەروەها بەوە تاوانبار کراوە کە ئەو بکوژی مەلا ئەمینە. شایەنی باسە پاش ئەوەی ئاسایشی پارتی و یەکێتی هێرشیان کردە سەر بارەگای کۆمەڵەی جیهاد لە هەولێر ئەویش بەهۆی کوژرانی فوئاد چەلەبی کە ئەندامێکی یەکگرتووی ئیسلامی بوو بەدەستی کۆمەڵەکە مەلا ئەمین بارەگاکەی بردە بەستۆرە لە رۆژهەڵاتی هەولێرو هەر لەوێدا ماوەیەك پاش ئەوە خۆی و چەند کەسێك کوژرا.

## رۆژنامەی یەکگرتوو: شێخ زانا بکوژی فوئاد چەلەبییە

بەپێی رۆژنامەی یەکگرتوو (ژمارە ٥٤٨ لە ١٩ی ٧ی ٢٠٠٥) پاش کوشتنی فوئاد چەلەبی کە ئەندامێکی یەکگرتووی ئیسلامی بوو بە دەستی چەند کەسێکی کۆمەڵەی جیهاد بەڵگەنامە لە سەیارەکەیدا دۆزرانەوە کە دەیسەلمێنن کە شێخ زانا یەکێك بوو لە بکوژەکانی. هەروەها دەستی هەبوو لە تەقەکردن لە کارمەندێکی دەزگای فریاکەوتنی ئیسلامی (هیئة الاغاثة الاسلامیة).

تەعلیق: کە ئاسایش ئەوەی زانی بۆچی دواتر نەگیراو تەنانەت خانووەکەی تەنیشت وەزارەتی ناوخۆ بوو؟ کەواتە یان ئەو کارانەی بۆ دەزگایەکی موخابەرات دەکردو یان دواتر کلکی لەگەڵ ئەو دەزگایە گرێدا.

## وەزیری ناوخۆ لەکوێیە؟

وەك تێبینی کراوە پاش ئەو هەرایەی لەسەر شێخ زاناو تاقمەکەی کرا کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ لەسەر تەلەفزیۆن دەرنەکەوتووە دەنگی نییە.

## نیچیرڤان بارزانی: دیعایەمان بۆ دەکەن

نیچیرڤان بارزانی لە تەلەفزیۆندا قسەی کردو وتی: ئەوانەی دەیعایە دەکەن کە تۆرەکەی شێخ زانا لەناو حکومەت و دەزگاکاندا دروست بووە ناحەزی حکومەتن و ئەمە ئەسڵ و ئەساسی نییە و زیاتر پروپاگندەی هەندێ لە ئیسلامییەکان و خەڵکانی ترە.

## بۆچی یەکێتی لە مەسەلەی شێخ زانا بێدەنگە؟

ئەوە یەکێتی نییە هەلی وا دژی ئیسلامییەکان نەقۆزێتەوە! هەر شتێکی تر بوایە یەکێتی دەیان وتارو کۆڕو دیمانەی بۆ تەرخان دەکرد بەڵام بۆچی ئەمجارە بێدەنگە؟ تەحلیلی ئێمە بۆ ئەم بێدەنگییە ئەوەیە یەکێکی باوەڕ ناکات تۆڕەکەی شێخ زانا تۆڕێکی ئیسلامییەو بە تۆڕێکی سەر بە پارتیی دەزانێ و ئێستا پێی ناخۆشە پارتی لەم مەسەلەیە وەکو پاڵەوان دەربچێ. یەکێتی زانیاریی پێیە بۆ بەدرۆخستنەوەی چیرۆکەکەی پارتی بەڵام یان بەگونجاوی نازانێ ئاشکرایان بکات و یان نازانێ چۆن ئاشکرای بکات. هەروەها واشی بۆ دەچین بەشی زۆری ئەو دەنگانەی لە هەولێردا ئەو قسەیە بڵاو دەکەنەوە کە ئەمانە سەر بە حکومەتن یەکێتین. ئەوەی لە نزیکەوە شارەزای ئیسلامییەکانە دەزانێ چەند دەم مردوون و ناتوانن و ناوێرن دیفاع لەخۆیان بکەن مەگەر بە ناڕاستەوخۆ و بە منجەمنجەوە.

## جوولەکەیەکی توندڕەو دەبێتە موسڵمان و خەون بە دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەبینێ

میخائیل چێرنۆفسکی کە جوولەکەیەکە لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان بەرەو ئیسرائیل کۆچی کردبوو پاش قەسابخانەی ئەلخەلیل کە ٢٩ موسڵمانی فەلەستینی بەدەستی جوولەکە توندڕەوەکان تێدا کوژران چووە نیشتەجێی (کریات ئەربەع) کە توندڕەوەکانی تێدا دەیان بەڵام پاش شەش مانگ موناقەشە لەگەڵ فەلەستینییەك کە خاوەنی



گەراجێکی پاککردنـــەوەی ســەیارەی هەیــە بـــووە موســڵمان. میخـائیل دەڵـێ: مـن توندڕەو بووم و دژ بەوان بووم بـەڵام ئـەوان وەکو بـرا مامەڵـەیان لەگـەڵدا کـردم و یارمـەتییان دام. لـەو نیشتەجییەش جوولەکە ماڵەکـەیان بـەردباران کـردو لەســەر دیواری ماڵەکـەیان نووسـی کـە دەبـێ ئـەو شـوێنە بـەجێ بێڵـێ. بـۆ هـەر گوێـەکیش دەڕۆشت ناڕەحـەتیان دەگرد چونکە ژنەگەی (کـە میخائیل پـاش موسـڵمانبوونی چووە باکۆ و هێنـای) حیجابپۆشـە. میخائیل، کـە نـاوی خـۆی بـۆ (محمـد المـهدی) گۆڕی دەڵێ: ئەوەم زانی کە ئاینی جوولەکە پڕە لـە ناڕێکی منیـش بـەدوای راستیدا دەگـەڕام، ئیسلامیش ئاینی حیکمـەت و راستییە. لـە وەڵامــی پرسـیاری((ئایـا دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی فەلەسـتینیت دەوێ؟)) وتــی: نــەخێر بــەڵکو دەوڵــەتی خیلافەتی ئیسلامیم دەوێ کە قودس پایتەختی بێ.

*وێنە: میخائیل لەگەڵ کوڕەکەیدا قورئان لە خانووە نوێکەی لە ئەلخەلیل دەخوێننەوە.*

ئەلعەرەبییە نێت ٢٠٠٥/٠٦/٢٠

## هەر کەسێك کتێبێك لەبارەی ئوسامە بن لادنەوە بخوازێ F B I شوێنی دەکەوێ




چەند کۆمەڵەیەکی ناحکومیی ئەمەریکی ترسی خۆیان دەربڕی کە ئیدارەی جۆرج بوش لیستێك بەناوی (خوێنەری تیرۆریست) دابنێ ئەویش پاش ئەوەی دەزگا ئەمنییەکان داوایان لە کتێبخانە گشتییەکان کردبوو ناوی ئەو کەسانەیان بدەنێ کە کتێب لەبارەی ئوسامە بن لادنەوە دەخوازن، ئەمەش بەپێی (کۆمەڵەی کتێبخانە ئەمەریکییەکان) رێگە دەگرێت لەبەردەم خوێنەر بۆ بەدواداچوونی هەندێ کتێب و مەسەلە. وا دیاریشە ئەو ترسەی خوێنەری وڵاتە عەرەبییەکان هەیەتی لە وەرگرتنی هەندێ کتێب چۆتە ئەمەریکاو لەوێشدا خوێنەر ناچار دەبێ بەدزییەوە ئەو کتێبانە بخوێننەوە. ئەلعەرەبییە نێت ٢٠٠٥/٠٦/٢١

ZAGROS WEBSITE